# ئەو شتەی شیعر نوێ دەکاتەوە

یەدوڵڵا ڕۆئیایی

**وەرگێڕانی: فازڵ مەحموود**



١٦ی ئەیلوول ٢٠٢٢ وتار

قسەکانم سەبارەت بە قەڵەمڕەوی شیعرە و لەم قەڵەمڕەوەش ناکرێت سنوور دیاری بکرێت، ناکرێت ڕاستە و هێڵی بۆ دابنرێت. ئەوەی کە چ شتێک شیعر نوێ دەکاتەوە، مەتەڵ نییە، تێگەیشتنیشی پێویستی بە عەقڵی مەزن نییە. قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە هەروەکوو بابەتەکە خۆی ئاسانە. هەمووان دەزانن شیعری نوێ چییە، لانی کەم لەڕووی ڕواڵەتییەوە، چونکە شیعری نوێ لە ڕواڵەتی خۆیدا ڕەگ و ڕیشەی دەچێتەوە سەر شیعری کۆن.

یەکەمین ڕواڵەتەکانی بریتی بوو لە پاڵپێوەدانی بە شیعری کۆن، نەیدەتوانی بەبێ ڕەگ و ڕیشەی لە شیعر کۆندا خۆی دەربخات، شیعری نوێ هەر لە سەرەتای لە دایکبوونییەوە بە هیچ شێوەیەک باوباپیرانی بەجێ نەهێشتووە، بۆ ئەوەی نوێ ببێتەوە، لە کراسی کۆنی باوباپیرانی دادڕی و [جلی خۆی] لێ دووری. چ شتێک شیعر نوێ دەکاتەوە. چە پێوەر یان پێوەرگەلێک لە شیعری کۆندا هەیە کە پاڵی پێوە بدات؟ پێوەرەکانی نوێکردنەوەی شیعر لە کوێی شیعری کۆنەوە گەیشتووەتە شیعری ئەمڕۆ و لە نێوانیاندا هاوبەشی هەیە؟ ئەم پێوەرانەی نوێکردنەوە، لە هەمان کاتدا، شوناسێکن بۆ شیعری کۆنی ئێمە، ژیانی هاوبەشیی هەردووولایانە، شیعری نوێ ئەگەر خاوەنی ئەم پێوەرە هاوبەشانە نەبێت بێناسنامە دەبێت. ئەم ڕەهەندە هاوبەشانە لە شیعری نوێی ئێراندا چییە؟ یان بە شێوەیەکی باشتر بڵێم لە شیعری نوێی فارسی (چونکە باش دەزانین شیعری نوێ لە زمانی فارسیدا، سنوورە جوگرافییەکەی تەنیا پەیوەست نابێت بە ئێرانەوە، ژیانی زمان لە ئەفغانستان، تاجیکستان، پاکستان و لە دیاسپۆرایەکی فراوان لە دونیادا، ژیانی و کەفوکوڵێکی زۆری هەیە کە ئێمە لە ئێراندا زۆر جار قەرزاری ئەو کەفوکوڵەیەن).

### دەستێوەردانی مرۆڤ و جیهان لە پێکهاتەی شیعر

سێ هۆکاری هاوبەش لە شیعری کۆن و نوێی ئێمەدا دەستێوەردانیان کردووە و دەوڵەمەندیی شیعری ئێمە دروست دەکەن، لە هەمان کاتدا هەر ئەم سێ هۆکارەش شیعری دونیا دەوڵەمەند دەکەن. چونکە بە بڕوای من هیچ شیعرێک ناتوانێت بێبەری بێت لە بەشی خۆی لەم سێ هۆکارە: *زمان*، ***مرۆڤ*** و ***جیهان***. و هەر شاعیرێکیش بەپێی سەلیقەی خۆی پێکێکی لەمانە هەڵگرتووە.

### 1. کارێکی زمانی یان بەکارهێنانێکی زمانی

ئەوەی کە لێرە لە ڕۆژئاوا پێی دەوترێت لانگاژ (langage) و نەک لانگ (langue)، ئەگەر کات هەبوو دێمە سەر ئەم دووانە و باسی جیاوازییان دەکەم. ئێمە لەم کاری زمانییە و یان بەکارهێنانی زمانییە ناتوانین دەسەڵاتی خۆمان لە دەست بدەین. ناتوانین بە تەنیا شیعر پەیوەست بکەین بە کاری زمانی و بەکارهێنانە زۆر لەڕادەبەدەرەکانی زمان، بە شێوەیەک کە شیعر بە تەنیا بریتی بێت لە ئامادەیی(حوزوور)ی زمان بە وشەگەلێک کە ئەو واتایانەی کە هەڵگریەتی لە دەرەوەی شیعر بەجێی هێشتبێت و پارچە شیعرەکە لە شوێنێکدا بێت تەنیا بۆ حوزوورێکی فیزیکی و مادیی وشەکان بێ هیچ پەیوەندییەک لەگەڵ دونیای دەرەوەدا بێ ئەوەی کە لەنێو پارچە شیعرەکەدا ببنە هۆکار و هەڵگری پەیوەندییەک و یان نیشانەیەکیان بۆ قسەکردن هەبێت. ڕادیکاڵیزەکردنی

حوزووری زمان لە شیعردا، لە مێژووی هەوڵەکانی نوێکردنەوەدا بەردەوام شکستی هێناوە، لە دادائیستەکانەوە کە نکۆڵییان لە زیادەڕۆیی نەدەکرد کە زیادەڕۆیی لە خستنەڕوو و نواندنی [شیعردا]، دەبێتە هۆکاری ئەوەی ڕەهەندە جیدییەکانی شیعر لاواز بێت و هیچ قسەوباسێک بوونی نییە کە لە باسکردنی بەسەرهاتی جیدی شیعردا گاڵتەکانی مێژووی شیعر بەلاوە بنێت، یان ئەوەی کە سوریالیستەکان بە خستنەڕووی مانیفێستی نووسینی ئۆتۆماتیکی و ئۆتۆماتیکی لە نووسیندا، تەنیا دەیانویست بە جووڵەی دەست دڵخۆش بکەن، واتە نووسین بە جووڵەی دەست بەبێ کۆنترۆڵی عەقڵ، کە ئەو نموونەیەی ئیشەکانی ئاندرێ برۆتۆن و هاوڕێکانی نەک ئەوەی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵکوو بووە هۆکاری ئەوەش کە ئەوان بە بێدەنگی و بەو بێدەنگییە [تایبەتەی] خۆیان، نووسینی ئۆتۆماتیکی لە مانیفێست و بەرنامەکانی کاری خۆیاندا بسڕنەوە، چونکە بینییان زمان و ژیان لەنێو دەستەواژەکاندا ناتوانێت بەبێ کۆنترۆڵی جەستە و ژیانی جەستە خۆی دەربخات. هیچ دەستێک نییە کە لەنێو هاوئاهەنگییەکانی هەموو جەستە و لەگەڵ تەواوی هاوئاهەنگییەکانی تری جەستەدا کار نەکات.

ناکرێت "دەست"، وشە لەدەرەوەی دەستێوەردانەکانی تری جەستەدا بخاتە سەر ڕووپەڕ، ئەمە وشە بە تەنیا، چ جا ئەوەی کە ئەم وشەیە لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ بینای ڕستە و پەیوەندیشی هەبێت لەگەڵ وشەکانی تردا، و تەنیا لەتەنیشت ئەوانەدا و لە پێکهاتەیەکی ڕێزمانی بیخاتە سەر ڕووپەڕ. هەر کە بیخاتە سەر ڕووپەڕ، زمان، قورگ، لووت، ڕیخۆڵەکان، شێوازی دەم، نیگا و مل، و سەیرکردن، و بەشە نەبینراوەکانی تری جەستە، لە یەک کۆمەڵەی هاوئاهەنگدا زاڵ دەبن بە سەر جووڵەی دەست و هەلی ئەم ئۆتۆماتیکبوونەی لێ وەردەگرنەوە. ئەمە شیکارییەکی فیزیۆلۆژییە کە من نامەوێت خۆم بخەمە نێو ئەم باسەوە، ئەوانەش کە شارەزان و شیاویەتی ئەوەیان هەیە لەسەر ئەم شتە قسە بکەن، زۆریان وتووە و ئەم شتەشیان سەلماندووە. ئەم شتە هێندە ڕوون و خاوەنی ئەرگۆمێنتە خۆیەتی کە سوریالیستەکان تەنانەت خۆیان بۆ ئەوە نەخستە زەحمەتەوە تاوەکوو بە شێوەیەکی فەرمی و لە ڕاگەیاندنێکی تردا پاساو بۆ ئەم شتە بهێننەوە، بۆیە بێدەنگییان هەڵبژارد و نووسینی ئۆتۆماتیکیش پاش ئەمە چیتر نەیتوانی شوێنێکی سەرمەدی لە دەقەکانی سوریالیستەکاندا بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ئەو سوریالیزمەی کە بەرەو سەرمەدیبوون دەچوو، لە ئێمە و لە مێژووشدا.

**زمانی شیعر نەک بێ زمانی!**

زمان ناتوانێت لە شیعردا، جیا لە شاعیرەکەی، ملی ڕێگە بگرێتەبەر و ڕێسا وەرنەگرێت. ئەو زمانەی کە لە دەقدا تەنیا لە پێناو خۆ مل بهاوێت لە دەق دەترازێت و دەچێتە دەرەوە. لە سنوور تێدەپەڕێت، خەسار دەبێت. بە زمانی شیعر "مرۆڤ" شاعیرە، منی ئەو لەگەڵ خۆیدایە نەک منی ئەو، بەڵکوو دەروونی من لەگەڵ ئەودایە، لەگەڵ ئەو و لەگەڵ ئەو وتەیەی کە لەگەڵ ئەودا دەڕوات. بە بۆچوونی حەلاج ئەنائیتی هەیە و یا ئەنییەتی هەیە. "م"ی[1] کۆتایی هەیە، جێناوی لکاوی من. یان بە وتەی ئارتور ڕامبۆ je ی هەیە، کە ئەوی ترە I .ی هەیە Icheهەیە زمانی شیعر منی هەیە، شوناس و ئەوی هەیە و، لە هەموو زمانێک گەڕانەوە دەرەکییەکانی هەر لەو "ئەو"ە وەردەگرێت. لە هەمان من، واتە لە سوبێکت، سوبێکتی خۆی لە سوبێکتەوە وەردەگرێت. هەم لە سوبێکتێک کە خودی شاعیرە و هەم لەو سوبێکتەش کە جیهانی دەرەوەیە. کە باسی ئەمەی تریش دەکەین. ئەمە قسەیەکی زۆر لاوەکییە کە دەوترێت ئێمە دەبێت لە زمانەوە واتا وەربگرین تا دەگەینە زمان تا دەگەینە خودی زمان، ئەمە قسەیەک بوو لە ساڵانی نێوان هەر دوو جەنگدا لەسەر زار بوو کە ئیستا ئێمەش گرتوومانەتە دەم، لە فۆرمالیستە قوڕبەسەرەکانەوە بیگرە تاوەکوو دەگاتە ئانارشیستەکانی پاش جەنگ، ئەوەی کە دەوترێت زمان لەنێو جەستەی خودی زمانە، نەک لە کۆنترۆڵکردنی لەنێو جەستە واتە لە سووڕانی ئەو ماسولکە بەهێزەی ژێر مەڵاشوو. بێ ئەوەی سووڕانی ئەو ماسوولکە بەهێزەی ژێر مەڵاشوو بەرهەمی وتە و بەرهەمی وتەیەک بێت لەنێو ژیانی جەستە و هارمۆنیای ئەو شتەی کە ئەوە بە پێکهاتەیەک لە فیزیۆلۆژیای جوانی جەستە دەزانین.

بەڵێ، نووسین لە جەستەوە سەرچاوە دەگرێت، لە هەموو جەستە، ئەمە فیزیۆلۆژیای جوانیی جەستەیە کە هاوئاهەنگی دەخولقێنێت، کە فرمان دەدات، ئافراندن دەکات.

2. "پەیوەندی[2]" مۆدێرنیزم بەڕێوە دەبات

دووەم هۆکاری هاوبەش: مرۆڤە، کە سوبێکتە، لەمەشیاندا من زۆر بە خێرایی تێدەپەڕم چونکە باسی سوبێکت و ئۆبێکت باسێکی نوێ نییە، بەڵام بەم دواییە لە زۆر نووسین و قسەکانی بیرمەندان و ڕەخنەگرانی ئێمەوە باسی لێوە

[1] لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئەو ڕستە بە ناوبانگەی حەلاج کە دەڵێت : "انا الحق"، مەبەست لە "م"ی کۆتایش ئەوەیە کە بوونی شاعیر یان لە شێوەی جێناوی سەربەخۆ دێت وەکوو: "من، انا، Ich , I , je" ، یان بە شێوەی جێناوی لکاو وەکوو "م" ، وەکوو چۆن شاعێرێک بڵێت ئازارم ، ئەو "م" کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ خۆی.

[2] communication

دەکرێت. ئەمەم ئێستا باس کرد، پێش کەمێک لە قسەکانمدا: کە قسەی ئێمەی شاعیر لەسەر کاغەز ناکرێت لە غیابی ئێمەی شاعیردا ژیانی خۆی هەبێت. لانی کەم ئەو ژیانەی کە ئێمە ویستوومانە پێی ببەخشین. کەواتە ئەگەر شاعیر نەیشیەوێت لە شیعرەکەیدا خۆی دەربخات، ئەوا هەر حوزووری هەیە. و من، ئەوی ترە، ئەو قسەیەی کە دەیدەنە پاڵ ڕامبۆ:

«Je est un autre[3]»کە شوێنپێی ئەمەمان دواتر لە هزری هۆسرێڵ و هایدیگەریشدا بەدی کرد هەڵبەت پێش ئەوەش لای شەمسی تەبریزی و سوهرەوەردی خۆیشمان بەدیمان کردبوو.

## ئەوی تر لە شوناسی شاعیر دا

دیوە گەورەکەی شیعر لەلایەن ئەوی ترەوە دروست دەکرێت، هەموو شاعیرە گەورەکانی دونیا لە ئیرادەی خۆیان لەدایکبوون و پەیوەست بوون بە کەسانی ترەوە. و لە پەیوەستبوون بە دونیای کەسانی تر گەیشتوون بە خۆیان و شیعری خۆیان. هیچ شاعیرێک "ئەوی تر"ی لە شیعرەکەی خۆیدا نەسڕیوەتەوە، چونکە لە منی خۆیدا "ئەوی تر"ی بەدی کردووە و ئەم شتەش مرۆڤانەیە، ئەمە پەروەردەیەکی مرۆڤانەیە، و خۆبوون هیچ نییە جگە لە ئەوی تر بوون تەنانەت لای ئەو شاعیرانەش کە خۆیان لە پشتەوەی فۆرم ـ فۆرمالیستی ـ و هەڵاتن لە واقیع شاردووەتەوە و تەنیا لە کەمینی زماندا بوون و خۆیان بەو شێوەیەی کەسانی تر ویستوویانە و وتویانە پیشان نەدابێت، پیشان نەداوە، چونکە دەکرێت لە حەزی شیعر بۆ دوورەپەرێزی لە کەسانی تر، گومان لەوە نەکرێت کە بە کاولکاریی زمانی و بە دروستکردن و بیناکردنە نازمانییەکان، بۆشایی دروستکردن و شتی پووچ و بێمانا دروست نابێت. بە شێوەیەک کە نە لە شاعیر و نە لە خوێنەر و نە لەو کەسەش کە هەرگیز شیعر ناخوێنێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی لە مرۆڤ، لە ڕابردوو و لە داهاتووی هیچ ئاسەوارێک بوونی نەبێت! کەواتە لیرەشدا هێڵێک دەدەین بەسەر ئەوەی کە شیعر سەد لە سەدی زمانە و یان فیزیکی زمانە "شێوازە ڕواڵەتییەکەی زمان"، ئەگەر پێغەمبەریش نەبین دەتوانین لەوە تێبگەین  ئەگەر زمانی شیعر گۆشەگیر ببێت، ئەوا لە دوورەپەرێزی لە مرۆڤ و لە واتا، لە پەیوەندی دوور دەکەوێتەوە. و پەیوەندییە پچڕاوەکان هیچ کات ناگەن بە یەک، لە کاتێکدا بۆشایی بریتییە لە بەیەکگەیشتنی

[3]"من ئەوی ترە" یەکێکە لە وتە ناوبانگەکانی کە لە نامەیەکدا لە ساڵی 1871 دا بە پۆل دۆمینی شاعیری فرەنسی ئەم شتە دەڵێت، کە ئاماژەیە بۆ ئافراندنێکی قووڵی هونەری کە شاعیر ناتوانێت کۆنترۆڵی بەسەر ئەو شتەدا هەبێت کە بۆ خۆی دەریدەبڕێت و لە جۆرێک لە غیابدا شیعر دەنووسێت.

پەیوەندییەکان، هونەرمەندێک زۆر باش لەمە تێدەگات و زەرووڕەتەکەی بۆ ئەو باشتر مایەی تێگەیشتنە.

پەیوەندی مۆدێرنیزم بەڕێوە دەبات. تەنیا فیزیکیی زمانیش لە شیعر، ئەگەر پەیوەندی بەڕێوەی نەبات، زمان فیزیکەکەی لەدەست دەدات.

**واتای شیعر فۆرمی شیعرە**

خەڵکانی دونیای ئەمڕۆ بە شەش هەزار زمان قسە دەکەن. لە ئامارێکدا ئەوەم خوێندەوە کە پێشبینی ئەوە دەکرێت تەنیا سێ هەزار زمانیان تاوەکوو 25 ساڵی داهاتوو دەمێننەوە. ئەوانەی کە لەم بوارە توێژینەوەیان کردووە و خەریکی ئامار وەرگرتنن بڕوایان وایە تا 25 ساڵی تر هەر سێ هەزار زمان لەم شەش هەزارە دەمێنێتەوە. بە بۆچوونی ئێوە چەند زمانی شیعری شاعیران لەم نێوانەدا لەنێو دەچێت؟ ئێمە بەرەو لەناودانی پلورالیزمی کولتووری و یەکپارچەیی لە یەک کولتووردا بەرەو پێشەوە دەچین. بمانەوێ و نەمانەوێ وا بەرەو ئەوێ دەچین، یۆنسکۆ بە دەنگی بەرز ئەوەی پێراگەیاندووین کە بەرەو لەناوچوونی فرەکولتووری دەچین، بەرەو یەکپارچەیی دونیا و پرەنسیپێکی بنەڕەتیی ئێمە ئەوەیە کە شاعیران و هونەرمەندانی زمانی ـ ئێستا کە زمان بوون و نەبوونی ئێمە دروست دەکات ـ خۆیان لە گۆشەیەک لە واقیعی ئەمڕۆ دابنێن کە نایبینین، بەڵام سبەی دەیبینین. واتای ئەم قسەیە ئەوەیە کە ڕەهەندە نەبینراوەکەی واقیعی ئەمڕۆ، خودی نەبینراو، لەو ژیانەی کە لەگەڵ زمان هەمانە کەشفی دەکەین. مانای ئەم وشەیە هەرچییەک بێت ئەوەیە چما ڕێکخراوێکی فەرمی و چاودێر ، حوزووری مرۆڤی لە هونەری زمانی بە ڕێژەیەکی کەم لەبەرچاو گرتووە و یان هەستی بە مەترسییەکەی لەم نوقسانییە کردووە.

ئەو شتەی کە بیست ساڵ پێش ئێستا پێچەوانەکەی ڕاست بوو. قسەکردن لە مرۆڤ و لە چارەنووسی مرۆڤ بیست ساڵ پێش ئێستا و پێش ئەوەش، بووبووە بابەتی هەموو ئافراندنە ئەدەبییەکان. تا ئەو شوێنەی کە کاری زمانی لەژێر ڕکێفی شیعردا بوو، لەژێر ڕکێفدا بوو، لەژێر ڕکێفی مارکسیزم. مەیل بەرەو مارکسیەت و بیری زاڵی ئەو قۆناغە وای دەخواست: بەرپرسیاریەتی و پارێزگاری لە مرۆڤ. ڕەهەندە زاڵەکەی دەق بریتیی بوو لە قسەکردن لە مرۆڤ و چارەنووسەکەی، ئەو سەردەمە، لە ساڵی شەستەکاندا زۆر ڕەخنەی توند و بێڕەحمانە لە من گیرا.. منیان بە شاعیرێک دەزانی کە لووتکەی کێوی قافدا بم، شاعیرێکی بێ ئازار، شاعیری یاریکردن بە زمان دەزانی. منێک کە ئەو سەردەمە وەها بووم، ئەمڕۆ کاڵبوونەوەی بیری مارکسی و لەبیرکردنی مرۆڤ لە شیعردا بە نوقسانی دەزانم و هەست بەوە دەکەم شیعر لە بەردەم مەترسیدایە.

یەکێک لە لایەنە خراپەکانی رەخنەگرانی ئێمە ئەوەیە دوای مۆدێلی ڕۆژ دەکەون، ئیتر بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەو شتەی کە ئەمڕۆ بۆ نموونە لە شیعری ئینگلیزیدا بووە بە مۆدێل، ئەوا لەگەڵ سروشتی زمان لە شیعری فارسیدا سازگار نییە. لێرەدا ئەوە بەدبەختی و جێگای مەخابنە کە رۆشنبیرانی تاراوگەی ئێمە و رەخنەگرە دوورخراوەکانمان کاتێک دەبینین بۆ نموونە لە شیعری ئینگلیزی ، ئەمریکی، فرەنسی یان ئەڵمانی، هاوشێوەی سالآنی پاش جەنگ دیسان وێرانکردنی زمان بووەتە مۆدێل، هەست دەکەن ئەمە پۆست مۆدێرنە، کەواتە با ئێمەش بێین ڕێزمانی زمان تێک بدەین تاوەکوو لە قافڵەی ئاڤانگاردیزم بەجێ نەمێنین. من پێیان دەڵێم هۆ شاعیری مرۆڤ دۆست! لە ڕیزی بەرخودان مەیە دەرەوە، تۆ ڕۆژێک جنێوت بە من دەدا کە بۆچی جنێوم نەدەدا، ئەمڕۆ جنێو بەوە ئەدەی کە من جنێوی نادەمێ. بۆچی زمان کوێر دەکەی و ئەوە لە باتی مرۆڤ دادەنێی؟ دەتەوێت شیعری چەند دەلالەتی و چەند زمانی بهۆنیتەوە، چەند زمانی بێ پەیوەندییەکانی زمانی؟ پەیوەندییەکانی زمانێک لەلایەن مرۆڤی ئەو زمانەوە دروست دەکرێت و شیعریش وەکوو هونەرێکی زمانی ناتوانێت زمان بەبێ خاوەنەکەی بخولقێنێت.

ئەنجامی قسەکانی من لێرەدا ئەوەیە کە شیعر ناتوانێت ئەو واتایانەی کە مرۆڤ بە زمانی بەخشیووە لێی وەرگرێتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بە گەڕانەوە بۆ ئەوە و سەرلەنوێ ئافراندنەوەی، شوێنێکی تازە بە ئەو ـ بە زمان ـ دەدات. و ئەو شیعرانەی کە ڕووتن لە گەڕانەوە، وشەکان لە شیعر رووت دەکەنەوە ئەگەر نەگەنە گەڕانەوەیەکی نوێ لەنێو پارچە شیعرێک. چونکە شیعر پێناسەکردنە و پێناسەش بەردەوام پێناسەیەکە بۆ گەڕانەوە و گەڕانەوەش بەردەوام گەڕانەوەیەکی بۆ عورفی وشە. ئێمە بەر بە گەڕانەوە دەرکییەکانی وشە دەگرین تا لە کاتی گەڕانەوەی دووبارەمان بۆی، گەڕانەوەی نوێی پێبەخشین. زەینی مرۆڤیش ئەم کارە دەکات، حوزوور و ئامادەبوونی سوبێکت دروست دەکات. ئێمە ناتوانین واتا لە شیعر وەرگرینەوە، واتای شیعر، فۆرمی شیعرە.

## 3. بەشی جیهان لەنێو شیعردا

هۆکاری سێیەم حوزووری جیهانە، بەشی جیهان لە شیعردا ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە پێشتر باسم کرد. وتم کە ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە. بە تەعبیرێکی هەڵە بۆ ***تیۆری "ئۆتۆرێفرانس" زمانی لای یاکوبسۆن"*** ئەو شاعیر و ڕەخنەگرانانەی کە شیعر تەنیا دەبستنەوە بە زمانەوە، دەبێت ئەوەش بزانن ئەگەر ئێمە دەستمان لە "شت" هەڵگرتووە لەبەر ئەوە بووە کە گەڕانەوەیەک بووە بۆ وشە، بەڵام هەر ئەم شتە وشە لە شیعر ئێمە ئاوس و بە شێوەیەکی

کورتتر بڵێم واتاداری دەکات. ئەویش لە ڕێگای شێوەو و لە کەرەمی فۆرم و جوانیناسیی فۆرم. کەواتە دەبێت ئەوەش قبووڵ بکەن کە زمانی نێو شیعر، زمانی دەرەوەی شیعر نییە، واتە ژیانی زمان لەنێو پارچە شیعرێکدا لەگەڵ زمانی ژیان یان "ژیانکردن" لە دەرەوەی پارچە شیعرێکدا جیاوازە. هەر بۆیە ئەوانە لە "ئۆتررێفرانس"ی زمان، (خۆگەڕانەوەی) زمان، نەک بە تەنیا سڕینەوەی شت بەڵکوو سڕینەوەی واتا و ڕێزمانیشییان بەدی کردووە! تووشی سەرسووڕمان مەیەن. ئەوەی کە خۆی بە پۆست مۆدێرن دەزانێت، لەگەڵ هەبووونی ئەوەی کە پێناسەیەکی نییە بۆی، لە ئەنجامدا ئەم پێناسەنەکراوییەی بە پێناسەیەک بۆ ئەو شتە دەزانێت کە نایزانێت!

واتە سڕینەوەی شت، سڕینەوەی شت واتە حوزووری شاعیر، حوزووری ناخی شاعیر، و شت لە سڕینەوەی خۆی لە واتا، گەڕانەوەیەکی تازە بۆ ئەسڵە کۆنەکەی خۆی دەکات و یان ئەوەی گەڕانەوەیەکی نوێ بۆ ناخ و دەروونە شاراوەکەی شاعیر پیشان دەدات. ئەو ناخە و ئەو گەڕانەوەیە و ئەو شتە بەردەوام جموجوولێکی تازەیان هەیە و فۆرمی شیعریش لەم جموجوولەدا بینای خۆی دروست دەکات. شاعیر دەگات بە کەشف و شتیش لەم کەشفەدا دەگاتە کۆتاییی خۆی، ئامانجی خۆی. ئەم شتی بە ئامانج گەیشتووە چیتر ئەو شتە نییە کە شاعیر وەلای نابوو و سڕیبوویەوە و سەرچاوە گریمانییەکەی لێوەرگرتبووەوە.

**شیعری زمان، بێ زمانی شیعر**

ئاگادار بین کە  ئێمە لە ئافراندنی فۆرمیشدا پەیوەندییمان بە جیهانەوە نییە. پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا پەیوەندیی زمانە لەگەڵ دونیای چواردەوەری خۆیدا. بەڵێ، هونەر لاساییکردنەوەی سروشتە. بەڵێ هونەر لاساییکردنەوەی سروشت نییە، بەڵام ئامادەبوونی ئەم دوانە لەنێو یەکدا ئێمە ناچار بە ڕەتکردنەوەی ئەم و ڕەتکردنەوەی ئەوی تریان دەکات تا ئەو شوێنەی کە بیر لەم قسەیەی ئۆسکار وایڵد دەکەمەوە کە "سروشت لاساییکردنەوەی هونەرە". پێدەکەنن؟ ئاندرێ ژیدیش لە یادداشتە ڕۆژانەکانیدا بەوە پێکەنیبوو: کاتێک شیعرەکانی ئەوی ـ ئۆسکار وایڵد ـ لە هەڵسەنگاندنێکی نەک زۆر عادیلانەش، بە شیعرێکی "مامناوەند" زانیبوو، ئەویش بێ یەک و دوو جوابی دابووەوە و کە : "ئاخر هەڵەی من ئەوە بوو کە توانام دا بە سروشت و بەهرەی خۆم بەخشیی بە شیعر".

**سەرچاوە:**

يدالله، رويائی، عبارت از چيست؟ از سكوی سرخ 2، انتشارات اهنگ ديگر، تهران 1386، صص. 28ـ 37.